# لاوان

## ڕۆژی هەڵبژاردن ١٧ سێپتەمبەر (٢٦ گەلاوێژ) بڕیار لەسەر ئاییندەی سوێد دەدرێت و ئەوە من و تۆین کە هەڵدەبژێرین. ئێمە هەموومان هەمان بەرپرسیاریمان هەیە، دەنگەکانمان هاوسەنگن. ئایا سیستەمی خۆشگوزەرانیی باشتر بکەین یان لەو ڕێگایەوە کە هەر پێنجهەمین کرۆنێکی باج لە خەزنە هاوبەشەکە لاببەین، خراپتری بکەین؟

کەس نایەوێت هەلومەرجی ژیانی خراپ بێت تەنها لەبەرئەوەی لاوە. لاوان داوا دەکەن – و هەروەها مافداریشن، کە خۆشگوزەرانیی و دڵنیاییان هەبێت. لەبەرئەوە ئێمەی سۆشیالدیموکرات پێمان وایە کە سیاسەتێکی لاوانی توندوتۆکمە گرینگە هەبێت.

ئەمڕۆ ژمارەی ئەو لاوانە فرەن کە ژیانیان بۆ نابردرێتە سەر. ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت خوێندنەکەی بکات دەشێت بە زەحمەتتر کاری دەست بکەوێت. بێکاری دەبێتە مایەی دووچاربوون و لە حاڵەتی خراپدا نەخۆشیی. ئەگەر مرۆڤ داهاتی نەبێت ناتوانێت ماڵی خۆی پێکەوە بنێت. ئێمە دەمانەوێت شتێك بۆ ئەمە بکەین. سوێد لە توانایدا نییە ڕێگا بە خۆی بدات ئەو هێزە زەرەر بکات کە لاوان هەیانە.

لە هەموو شت گرینگتر ئەوەیە کە لاوان خۆیان لەگەڵدا بن و بڕیار بدەن. ئێمەی سۆشیالدیموکرات چالاکانە کار دەکەین بۆ ئەوەی لاوانی بەئەژماردتر بتوانن لە ئەنجوومەنگەلی بڕیاردەردا دەست بەکار بن. بۆ ئەوەی جۆش بە بەشداریی لاوان لە هەڵبژاردنی پاییزدا بدرێت حوکمەتی سۆشیالدیموکرات بڕیاری داوە کە هەڵبژاردنی خوێندنگا لە خوێندنگاکانی وڵات لە پاییزدا بکردرێت.

**خوێندن**

خوێندن مافێکی بێگومانە. کەس نابیت ناچار بێت واز لە قۆناخی ئامادەیی بهێنێت بێ ئەوەی خوێندنی تەواو کردبێت. لەبەرئەوە خوێندگا کەرەستەی زیاتری پێویستە. ئەو خوێندکارانەی پرۆگرامی تاکەکەسییان هەیە دەبێت بۆیان هەبێت بە کاتی پڕ (تەواو) بخوێنن. پرۆگرامە ئامادەییە ڕشتەییەکانی قۆناخی ئامادەیی دەبێت باشتر بکرێن. ئێمە خوێندنێکی فێرکردنی تازە دەهێنینە ئاراوە کە وا دەکات مرۆڤ بتوانێت زانیاری تەنانەت لە ژیانی کاریشدا دەست بکەوێت. بێلەوەش خوێندکارانی ئامادەیی مانگی ١٠٠ کرۆن زیاتریان لە

دەتەوێت ببیت بە ئەندام یان زیاتر بزانیت، سەردانی socialdemokraterna.se بکە یان تەلەفۆن بۆ ژمارە 27 27 700 -08 بکە

کۆمەکی خوێندندا (studiebidrag) دەدرێتێ. ئێمە خوێندنگای باڵا بە ١٧ هەزار و پێنجسەد جێگا گەورەتر دەکەین تا خەڵکانێکی زێدەتر هەلیان دەست بکەوێت لە خوێندنگای باڵا بخوێنن.

### کار

هەموو مرۆڤێك مافی هەیە كارێكی باشی هەبێت بە مووچەیەكەوە كە بتوانێت پێی بژی. ئەمڕۆ لاوانێکی بێئەژمارد دەردەهاوێژرێن چونکە چوونەژوورەوە بۆ ناو بازاڕی کار زەحمەتە.
لەبەرئەوە ئێمە هەنگاوەچارەی تایبەتی دەنێین تاوەکو لاوان کاریان چنگ بکەوێت. هیچ مرۆڤێکی لاو نابێت ناچار بێت بێکار بسوورێتەوە زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژ. ئێمە پشتگیریەکی دامەزراندنی (anställningsstöd) تایبەتیمان داناوە بۆ لاوانێك کە لە مێژە بێکارن.
شارەوانییەکان بەرپرسیەکی ڕوونتریان خراوەتە سەر شان کە بڕوانن و کاروبار بدەنە ئەو لاوانەی دمێکە بێ کارن. بنکەی کاردیتنەوە (Arbetsförmedlingen) فەرمانی پێدراوە کە زووتر بڕواننە لاوانی بێکار.

### خانووبەرە

زۆر لاو ئەمڕۆ بۆی زەحمەتە خانووی خۆی دەست بکەوێت. نابێت کیفی پارە بڕیار بدات کە خانوویەك دەست دەکەوێت یان نا. لەبەرئەوە ئێمە وا دەکەین کە خانووی کرێنشینی زیاتری هەرزان و خانووی خوێندکار دابمەزرێت کە لاوان لە ڕووی داراییەوە دەرەقەتی بێن. خاوەن خانووەکان بە زۆریی ئەو داوایەیان هەیە کە خەڵك دەبێت کاری بەردەوامی هەبێت، ئەوەش ڕێگا لە زۆر لە لاوان دەگرێت کە ماڵی خۆیان هەبێت. لە ڕێگای کۆمەکێکی دەوڵەتیەوە ئێمە دەمانەوێت کە

شارەوانیەکان ببن بە کەفیل بۆ گەرانتی لە دانی کرێ خانوودا. ئێمە دەڵێین نا بۆ ئەپارتمێنتی تایبەتی بۆ لاوان کە ستاندارد یان ناوچەکەی خراپ بێت.

### تەندروستی و کاتی ئازاد

تا دێت زیاتر لاو هەست بە هەڵەشەیی دەکەن. ناتەندروستیە دەروونیەکە لە زیادبووندایە. ئەمەش بەتایبەتی لە کچانی لاو ڕوو دەدات. ئێمەی سۆشیالدیموکرات دەمانەوێت پارە و کەرەستەی زێدەتر بە بەشی دەروونناسی لاوان و منداڵان بدەین. ئێمە مەڵبەندی کاتی ئازاد و شوێنی دیداری زێدەترمان دەوێت کە بۆ لاوانی دەڕەخسێنن کاتێکی ئازادی خۆشتر و بەسوودتر ببەنە سەر. ئێمە هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکەین کە پارەیەکی زیاتر بدرێت بەو کارەی کە بە مەبەستی تەندروستی خوێندکاران لە خوێندنگا دەکردرێت.

### بەدیل (ئەڵتەرناتیف)

مۆدێراتەکان و هاوپەیمانیی بەرەی ڕاستیان دژ بە سیاسەتی ئێمە ڕاوەستاون. مۆدێراتەکان دەیانەوێت داواکان لەسەر خوێندن کەم بکەنەوە و جیاکردنەوەکانیش زێدەتر. ئەوان دەیانەوێت پرۆگرامی تاکەکەسیی لە قۆناخی ئامادەییدا هەڵبگرن و ١٧ و ١٨ ساڵ تەمەنەکان ناچار بکەن لە

قۆناخی سەرەتاییدا بمێننەوە. ئەوان دەیانەوێت پلەهیواکان بۆ ئەو خوێندکارانە بهێننە خوار کە پرۆگرامی ئامادەیی ڕشتە دەخوێنن. ئەوان دەیانەوێت سیاسەتی بازاڕی کار خراپتر بکەن و بەو شێوەیە لاوانێکی زۆر ناچاری بێکاروبارەیی بکەن.

سێنتەرپارتی پێشنیار دەکات کە بتوانرێت ڕاستەوخۆ لاوانی خوار تەمەن ٢٦ ساڵ وەدەربکرێت. لە فەڕەنسا خەڵکێکی زۆر، پیر و نەوجەوان، دژ بەم پێشنیارە ناڕەزاییان دەربڕیوە. لەگەڵ ئەوەشدا سێنتەرپارتی هەر گەرەکیەتی سیستەمێکی لەو جۆرە لە سوێد پیادە بکات.

بە سیاسەتی مۆدێراتەکان هەلی لاوان کە خانووی خۆیان دەست بکەوێت خراپتر دەبێت. ئەوان دەیانەوێت کۆمەکی دەوڵەت لاببەن کە وا دەکات ئەپارتمێنتی کرێنشینی و خانووی خوێندکاری هەرزان دابمەزرێنرێت. ئەوان هەروەها دەیانەوێت کۆمەکی کرێخانوو بۆ لاوانی خوار تەمەنی ٢٩ ساڵی بێ منداڵ لاببەن. هەموو ئەمانە هەلی لاوان بۆ ژیانێکی سەربەخۆ خراپ دەکەن.

**لە سوێدی ئێمەدا دەبێت هەمووان لەگەڵدا بن. تۆ چ سوێدێک هەڵدەبژێریت؟**